# ئەدەب و کولتوور
ڕووداو

# (ڕۆژهەڵاتناسی)ی ئێدوارد سەعید کرایە کوردی




**■ ئا: ئەدەب و کولتوور**

کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی)ی بیرمەندی ناوداری عەرەب ئێدوارد سەعید لە فەرەنسییەوە لەلایەن نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر موحسین ئەحمەد عومەر کرایە کوردی و لەلایەن (ماڵی وەفایی) چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

دکتۆر موحسین ئەحمەد عومەر لەبارەی ئەو بەرهەمە دەڵێ: "ئەم کتێبە دەشێ وەک کتێبێکی تیۆری و پراکتیکی لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە زۆر بواری ئەدەبی و ڕەخنەی بەراوردکاری، مێژوویی و کولتووری بەگشتی سەیری بکرێ، ئەم کتێبە لە مەسەلەی وەرگێڕان و هەڵبژاردنی لەیەک کاتدا، تەحەدایەکی زمانەوانی و فیکری و کولتووری بوو، لە چوارچێوەی ئەوەی زۆر کەس و لایەن پێیانوابوو زمانی کوردی بەرانبەر بە سەرچاوە فیکری و فەلسەفییەکان توانای سنووردارە، ئەمەش لە ئەفسانەیەک زیاتر نییە، چونکە مرۆی کورد بۆ تێگەیشتن و چنینی هەر شتێک بیەوێ دەبێ بە کوردی بیربکاتەوە، بەرژەوەندییەکانی ڕووی لە ناوەوە بێ، بیرکردنەوە بە کوردی واتە کارکردن لەناو کولتوور و زمان و مێژوو و کەسایەتی کوردی کە جیایە لەوانی دیکە".

ئێدوارد سەعید، ساڵی1935 لە شاری قودسی فەلەستین لە خێزانێکی کریستیان لەدایک بووە. مامۆستای ئەدەبی بەراوردکاری بووە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا، نووسەر و ڕەخنەگر و ئەکادیمیست بووە و ساڵی 2003 لە نیویۆرک کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژهەڵاتناسی یەکێکە لە ناودارترین بەرهەمەکانی ئەو کە بۆ زۆر زمانی دنیا وەرگێڕدرا و تێیدا دیدی ڕۆژئاواییانە بۆ ڕۆژهەڵات دەداتە بەر سەرنج.



# ڕۆمانی هۆتێل ئەورووپا لە ئێران قەدەغەکرا

## فەرهاد پیربال: ڕۆمانەکە بە فەرەنسی و فارسی بڵاودەبێتەوە

**■ ئا: فەلاح نەجم**

ڕۆمانی هۆتێل ئەورووپا کە لە نووسینی فەرهاد پیربالە، دەکرێتە فەرەنسی. هەمان ڕۆمان لە ئێران قەدەغە کرا و سانسۆری خرایە سەر و ڕێگە نەدرا بە فارسی بڵاوببێتەوە.

فەرهاد پیربال لەوبارەوە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت" : ڕۆمانی هۆتێل ئەورووپا دوای ئەوەی لەلایەن وەرگێڕێکەوە کرایە فارسی، لە ئێران سانسۆری خرایەسەر و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی قەدەغە کرا".

فەرهاد پیربال گوتی کە ڕۆمانی هۆتێل ئەورووپا باسی مەلایەکی شیعەمەزهەبی ئێرانیی پەناهەندە لە پاریس دەکات، دیارە کە هەڵسوکەوتی کارەکتەری مەلاکە بەلای ئێرانەوە گونجاو نەبووە، بۆیە ڕێگەی چاپکردن و بڵاوبوونەوەی بە فارسی پێ نەدرا.

فەرهاد پیربال دەشڵێ کە دوای ئەوەی لە ئێران ڕۆمانەکە قەدەغە کرا، چەند وەرگێڕێک بەڵێنیان پێداوە لە سوێد بیکەنە فارسی و لەوێش بڵاوببێتەوە.

گوتیشی بەمنزیکانە سەردانی فەرەنسا دەکات، چونکە لە پاریس ناوەندێکی دیاری چاپ و بڵاوکردنەوە بەڵێنی چاپکردنی کتێبێکیان پێداوە "منیش ڕۆمانی هۆتێل ئەورووپام دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی بکرێتە فەرەنسی و بڵاوبێتەوە".

---

## وەبەرهێنان لە کەرتی سینەما و دراما دەکات

# هاوار مستەفاخان پلانێکی درێژخایەن بۆ سینەما دادەنێ

**■ ئا: بژار حەکیم**

ڕۆژنامەنووس و سینەماکاری دیاری کورد هاوار مستەفاخان لەشێوەی چاپکردنی گۆڤارێکدا پلانێکی درێژخایەنی بۆ پیشەسازیی سینەما بڵاوکردەوە کە بۆ پێنج ساڵی داهاتووە و پلانەکە بۆ وەربەهێنانە لە کەرتی سینەما و درامادا لەنێوان کوردستان و میسر.

هاوار مستەفاخان لەبارەی ئەو پرۆژەیە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "پلان و پرۆژەکەم لە زنجیرە سێی بڵاوکراوەکانی هاوار فیلم خستووەتەڕوو کە پلانی پێنج ساڵی وەبەرهێنانە لە کەرتی سینەما و درامادا".

گوتیشی: "پرۆژەکەم لە 104 لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگی پڕ پرۆژەی فیلم و دراما و میدیای تایبەتمەندی هونەری پێکهاتووە کە بەشێکی وەربەرهێنانە لە ناوخۆدا و بەشێکیشی بەرهەمی هاوبەشە کە ناوم ناوە موتربەکردنی سینەمای کوردی لە سینەمای میسری، ئینجا تورکی و فارسی تاوەکو دەگاتە هۆلیود و بۆلیود".

هاوار مستەفاخان دەشڵێ، لەو پرۆژەیەدا داوا لە سەرمایەدارانی کوردستان دەکەم کە سەرمایەکانیان لە کەرتی سینەما و درامادا خەرج بکەن، چونکە قازانجێکی ماددیی زۆریان دەستدەکەوێت.

هاوار مستەفاخان ساڵی 1970 لەدایکبووە و هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە میدیا و سینەما لە قاهیرە. خاوەنی کۆمپانیای هاواری فیلم بۆ بەرهەمهێنان و دابەشکردنی هونەری و خاوەنی چوار کتێبە بە ناوەکانی (السینما التسجیلیة الکوردیة، سینەماتۆگراف، بیرەوەری ڕۆژنامەوانیی مام جەلال- دیدار، میسر چۆن دەنیشێتەوە).




---

## 15 هەزار ناونیشان لەخۆ دەگرێ

# شەشەمین پێشانگەی کتێب لە دهۆک دەکرێتەوە

**■ ئا: بژار حەکیم**

شەشەمین پێشانگەی کتێب لە دهۆک دەکرێتەوە کە نزیکەی 15 هەزار ناونیشانی جیاوازی لەخۆگرتووە.

بورهان یەحیا، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە دهۆک بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سبەی سێشەممە 4ی دیسەمبەری 2018 بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە دهۆک شەشەمین پێشانگەی کتێب لە هۆڵی کۆنفرانسەکانی زانکۆی دهۆک دەکاتەوە".

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە دهۆک گوتیشی: " پێشانگەکە بە 15 هەزار ناونیشانی جیاواز بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ بەردەوام دەبێت و کتێبەکان بە کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بۆ خوێنەران بەردەستن".

بورهان یەحیا دەشڵێ، کتێبەکانی شەشەمین پێشانگەی کتێب لە دهۆک پێکهاتوون لە بوارەکانی، ئەدەب، زمانزانی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، زانستی و منداڵان و پەروەردە و بەشێکی زۆری کتێبەکانیش چاپکراوی ئەمساڵن.

لەبارەی بەشداریکردنی ناوەندەکانی چاپەمەنیش، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە زانکۆی دهۆک و 15 کتێبخانەی کەرتی تایبەت لە دهۆک، 5 دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە و ژمارەیەک ناوەندی ڕۆشنبیری و چاپەمەنی لە هەولێر و سلێمانی لە پێشانگەکەدا بەشدارن.



## نامە ئەکادیمییەکان




# واتا و وەرگێڕان

هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

(واتا و وەرگێڕان - لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازی)، ناونیشانی نامەیەکی ماستەرە کە پەروین عوسمان لە ساڵی 2008 پێشکەشی زانکۆی کۆیەی کۆلێجی زمانی کردووە. توێژەر ئاستی واتاسازی لە کاری وەرگێڕاندا کردووە بە بنەمای کارەکەی. کەرەسەی لێکۆڵینەوەکەی فەرهەنگ و زمانی ڕۆژانە و تێکستە عەرەبییە وەرگێڕاوەکان بۆ زمانی کوردییە. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەشی زمانەوانی وەسفی سانکرۆنیکی بەراوردکارییە و تیۆرەکانی وەرگێڕانیش بەشێکن لە زمانەوانی وەسفی بەرابەری، واتە وەرگێڕانی ڕستە و دەقەکان بەپێی هاوتابوونی واتایی لە زمانی سەرچاوە (عەرەبی) بۆ زمانی ئامانج (کوردی). نامەکە لە چوار بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم: لەم بەشەدا ئاوڕ لە چەمک و پێناسەی وەرگێڕان و چەمکی هاوتابوون و ستراتیجییەت و ئایدیۆلۆجییەتی وەرگێڕان و چەند تیۆرێکی زمانی بۆ وەرگێڕان دراوەتەوە، هەروەها گرفتەکانی وەرگێڕان لە ئاستی (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی و سینتاکس)دا. وشەی وەرگێڕان لە زمانی ئینگلیزیدا (Translation)ە کە واتای لێکدانەوە دەگرێتەوە و (ترجمە) سەرەتا لە (تەرجومی) ئارامییەوە وەرگیراوە، کاتی خۆی بۆ لێکدانەوەی (کتێبی پیرۆز) بەکارهێنراوە. توێژەر چەندین پێناسەی وەرگێڕان کە زمانەوانەکان کردوویانە، دەخاتەڕوو، زۆرینەیان جەخت دەکەنە سەر گواستنەوەی ناوەڕۆک و شێوازی تێکست لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی ئامانج بەشێوەیەکی ڕۆشن، بە واتایەکی دیکە دۆزینەوە و شیکردنەوەی واتا نەک وشە بە بنەڕەتی وەرگێڕان دەزانن. لەبەرئەوە توێژەر سێ جۆری واتا باس دەکات:

١ـ واتای واتاسازی: وردبوونەوەیە لە واتا و ئاماژەبۆکراوەکان کە جیاوازییەکەیان لە هاوواتایی و هاوبێژیدا دەردەکەوێت.

٢ـ واتای دەوروبەر و دەوروبەری باری: ئەمەش پەیوەندی بە دەوروبەر و هەڵوێستێکی دیاریکراوەوە هەیە لە وەرگێڕاندا.

٣ـ واتای دەق: ئەم واتایەش ڕستە و توخم و پێکهاتە بەستراوەکانی نێو دەقە وەرگێڕدراوەکە دەگرێتە خۆی.

دواتر توێژەر هەوڵدەدات پێناسەیەکی هەڵێنجراو بۆ وەرگێڕان بکات بەو پێیەی وەرگێڕان پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، دەنووسێت: گواستنەوەی هزر و بۆچوون و شێواز و زانیارییە، بۆ گەیاندنی واتا و دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا بە مەبەستی دەربڕینی ئەزموونێک لە بارەی جیهان و دەوروبەر لە نێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا بەپێی فەرهەنگی زمانی و کەلتووری، چ بەشێوەی زارەکی یان نووسراو. پاشان توێژەر وەرگێڕانی زارەکی لە شێوەی (ڕاستەوخۆ، لە دوای یەک و بینراو) و نووسراو لە شێوەی (وشە بە وشە، واتایی، لێکدانەوەیی، داهێنان و کورتکردنەوە) جیادەکاتەوە. دواتر توێژەر ئاماژە بە چەند تیۆرییەکی زمانی لای دی سۆسێر و ف.فیدرۆڤ بۆ وەرگێڕان دەکات و لەوەی دی سۆسێردا باسی وەرگێڕانی ئاسۆیی و ستوونی دەکات، لەلای فیدرۆڤیش جەخت لە وەرگێڕان وەک کردەیەکی زمانی و زانستیبوونی وەرگێڕان دەکاتەوە. هەروەها لە ستراتیجییەتی وەرگێڕاندا ئاماژە بە ستراتیژی گواستنەوە و گۆڕین دەکات، کە وەرگێڕان جۆرێکە لە ڕاڤەکردنی دەق و دۆزینەوەی پەیوەندی و هاوواتایی لەنێوان دوو دەق یان کۆمەڵە دەقێکدا، لەبەرئەوە وەرگێڕ دەبێت پرسی گواستنەوەی واتا و شێواز و داڕشتنی دەق بەهەند وەربگرێت و ستراتیجێک لەسەر ئاستەکانی (وشە و زاراوە، دەستەواژە، دەق) دابنێت، دیارە توێژەر لێرەدا نموونەی پراکتیکی بۆ هەریەک لە ئاستەکان هێناوەتەوە. پاشان باسی چەمکی هاوتابوون لە وەرگێڕان و جۆرەکانی (ڕوخسار، ئەرکی و داینامیکی) دەکات. هەر لەم بەشەدا ڕێگاکانی سەرکەوتنی وەرگێڕ لە کردەی وەرگێڕاندا دەخاتەڕوو، لەوانە: (توانستی دوو زمانی، کارامەیی شیکاری، کارامەیی نووسین، توانستی تێگەیاندن و تێگەیشتنی وەرگر). پاشان باسی ئایدیۆلۆجیای وەرگێڕان دەکات کە کردەیەکی ئایدیۆلۆجییە و بۆ ئەمەش نموونەی بنەمای (بابەت و هەواڵ) لە کاتی وەرگێڕاندا دەهێنێتەوە کە کاتێک وەرگێڕێک دەنووسێت: (ئەمەریکا بەهێزترین وڵاتی جیهانە) نەک (بەهێزترین وڵاتی جیهان ئەمەریکایە) جەختی لەسەر ناوی (ئەمەریکا) کردووەتەوە. هەر لەبەشی یەکەمدا توێژ بە نموونەوە باسی کێشە و ئاریشەکانی وەرگێڕان لەسەر ئاستەکانی (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی و سینتاکس) دەکات.

بەشی دووەم: واتا و جۆرەکانی وەرگێڕان، توێژەر سەرەتا چەمکی واتا و ڕەگەزەکانی باس دەکات، پەیوەندی واتا بە زمان و دەرەوەی زمان شی دەکاتەوە و ڕەگەزەکانی واتا (شتەکان، ڕووداوەکان، سیفەتەکان و پێوەندییەکان) دیاری دەکات. پاشان ئاماژە بە شیکردنەوەی واتای وشە و ڕستە دەدات، هاوکات چەند تیۆرێکی واتایی بۆ ڕستە، لەوانە: (تیۆری کاتز و فۆدور بۆ ڕستە، تیۆری فیلمۆر بۆ ڕستە و ڕێزمانی دۆخ) بەسەردەکاتەوە. پاشان تیۆرەکانی واتا: (تیۆری ئاماژەکردن، هۆشەکی، ڕەفتاری، شیکردنەوە و بەکارهێنان) و هاوکات تیۆری (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی چۆمسکی بۆ وەرگێڕان باسدەکات. هەر لەم بەشەدا سێ تیۆری زمان بۆ وەرگێڕان بەسەردەکاتەوە:

یەکەم: جۆرەکانی وەرگێڕان لای (کات فۆرد)

دووەم: جۆرەکانی وەرگێڕان لای (جاکۆبسن)

سێیەم: جۆرەکانی وەرگێڕان لای (نیومارک)

دواتر توێژەر جۆر و ڕێبازەکانی وەرگێڕان (زارەکی و نووسراو) باسدەکات و ڕێبازی (وشە بە وشە) بە کۆنترین و خراپترین جۆر دادەنێت. ئەو وتەیەکی ئاتین دولی دەهێنێتەوە کە دەڵێ: "وەرگێڕ نابێت وەک بەندەیەکی دڵسۆز وابێت بۆ دەقە سەرچاوەکە، بەڵکو دەبێ دووربکەوێتەوە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە"، دیارە زۆرینەی شارەزایان ئەم جۆرە وەرگێڕانە بە وەرگەڕاندنی دەق و لە ناوبردن و شێواندنی ئامانجی وەرگێڕان ناودەبەن. لە وەرگێڕانی واتاییشدا توێژەر گرنگی ئەم جۆرە وەرگێڕانە کە بە بەربڵاوترین و باشترین جۆر دادەنرێت، وەسف دەکات، چونکە بەشێوەیەکی زانستی واتای دەقی زمانی سەرچاوە دەپارێزێت. هاوکات لەبارەی وەرگێڕانی داهێنانیدا توێژەر ئاماژە بە گرنگیی ئەم جۆرەش دەکات کە پێویستە وەرگێڕ بەشێوەیەکی ورد ئاگاداری بابەت و نووسەری تێکستەکە بێت و بەهرە و توانای داهێنەرانەی خۆی لە وەرگێڕانەکەدا بخاتەڕوو.

بەشی سێیەم: ئاریشەکانی واتا لە وەرگێڕاندا، توێژەر سەرەتا باسی واتای فەرهەنگی دەکات و ئاماژە بەو گرفتانە دەکات کە لە وەرگێڕاندا بەهۆی تێکەڵبوون و گۆڕانی واتا و دۆخی ڕێزمانیی وشەکان بەپێی فەرهەنگی زمانە جیاوازەکان دروست دەبێت، بۆ نموونە دەکرێت وشەیەک لە زمانی سەرچاوە (فرمان) و لە زمانی ئامانج (ئاوەڵناو) بێت، هەروەها توێژەر پێیوایە وەرگێڕان لەناو یەک خێزانە زماندا ئاسان و واتادارترە، بەڵام کاتێک دوو خێزانی جیاوازن وەک کوردی و عەرەبی، ئەوا کێشەکان زیاتر دەبن، چونکە لە هەموو ئاستە زمانییەکاندا جیاوازی هەیە، لەم

# ئەدەبیاتی دەروەست و پێوەرەکانی

ئەنوەر عەباسی



کاتێک کە باسی ئەدەبیاتی دەروەست دەکرێ، خێرا وەبیری ئێگزیستانسیالیستەکان لەلایەک و ڕیالیزمی سۆسیالیستی لەلایەکی تر دەکەوینەوە کە سەردەمی گوڵکردنی هەردووکیان، سەدەی بیستی زایینی بوو. لەڕاستیدا ئەگەرچی یەکەم کەس بەشێوەی کۆنکرێت سارتەر باسی ئەدەبیاتی دەروەستی کردووە، بەڵام ڕەگوڕیشەی ئەم باسە لانیکەم یەک سەدە پێشتر، واتە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیی ئەورووپادا بڵاوەی کردبوو. ئەمە بەبێ لەبەرچاوگرتنی را و بۆچوونی فیلەسوفەیلی سەردەمی یۆنانی کەونارا. ئێمە دەزانین کە ڕێبازی ڕەخنەی ڕۆژئاوا لە ئەفلاتوون و ئەرەستو - وە دەستیپێکردووە، بۆ نموونە ئەفلاتوون لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە هەموو جۆرەکانی شیعر دەبێ لە خزمەتی پەروەردەی مرۆڤدا بن و ئەرەستوش ئەمەی ڕەتنەدەکردەوە، بەڵکوو پێیوابوو ئەمە تەنها بۆ شیعری حیماسی و شانۆنامە ڕاستە، بەهەرحاڵ ئەمانە دەرخەری ئەوەن کە ئەم بابەتە مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە و باسێکی تازە نییە، بەڵام بە هەمان ڕادە کە باسێکی کۆنە، باسێکی ئاڵۆزیشە.

پێش هەموو شت دەبێ دیاری بکەین کە ئەدەبیاتی دەروەست چییە و تەنانەت پێش ئەوە دەبێ دیاری بکەین ئەدەبیاتی دەروەست لە حەنای چی دەروەستە یان دەبێ ببێ؟ دەروەستبوونی بە باشترکردنی ژیانی خەڵک؟ بە ئاینپەروەری؟ بە نیشتمانپەروەری؟ بە حیزب یان ڕێبازێکی سیاسی یان هزریی تایبەت؟ بەڕاستی دەروەستبوونی ئەدەبیات بە چی وا دەکات مرۆڤ بتوانێ ناوی ئەدەبیاتی دەروەستی لێبنێ؟

تی ئێس ئێلیۆت کە یەکێک لە بەناوبانگترین ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوایە، لە وتارێکیدا بە ناوی "ئایین و ئەدەبیات" ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ناتوانین مەزنایەتی ئەدەبیات تەنیا بە پێوەرە ئەدەبییەکان دیاری بکەین" (سکات 1378: 16) یەکەم ئاماژەی ئەم وتەیە دەرخەری ئەوەیە کە ئێلیۆت پێوەرە ئەدەبییەکان بە پێوەری سەرەکی و گرینگترین پێوەر دەزانێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدەبیات، بەڵام بۆ دیاریکردنی بایەخی کۆتایی و دەربڕینی ڕای کۆتایی لەسەر بەرهەمێکی ئەدەبی، پێوەرێکی نائەدەبیاتیش لەبەرچاو دەگرێ کە لەلای ئێلیۆت دەروەستبوونی ئەدەبیاتە بە بنەما ئاینییەکان و پەروەردەی ئاینی.

بێرتولت برێشت لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هونەری نوێ بەبێ ئامانجی نوێ بێ واتایە و ئامانجی نوێ لەلای ئەو پەروەردە بوو. (غنیمی هلال 1998 قچایا معاصره: 142).

تۆلستۆی پێیوابوو کە هونەر دەبێ پەرە بە ئەخلاق و تایبەتمەندییە بەرزە ئەخلاقییەکان بدات. ئەمە وتەی ئەوە کە دەڵێ: هونەری جیهانی هەمیشە پێوەرێکی نەگۆڕ و پشتئەستووری لەگەڵە، ئەو پێوەرە تێگەیشتنی ئایینی و ڕوحانییە (زرینکوب: 39).

دیدرۆ، فیلەسوفی فەرەنسی (1711- 1782) ئەخلاق و پەروەردەی لەلا گرینگە و دەڵێ: هەر جوامێرێک کە پێنووس بەدەستەوە دەگرێ، دەبێ هەوڵ بدا چاکە لە پێش چاوان شیرین و خراپە لە پێش چاوان ناشیرین بکا (خانلری: 62). هەروەها نیۆهیومانیستەکانی سەدەی بیست پێیانوابوو کە پێوەری ئەدەبی دەروەست ئەخلاقە.

هەتا ئێرە زۆربەی فیلەسوف و شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگران بەشێوەیەکی گشتی ڕیسالەتێک بۆ ئەدەب دیاری دەکەن کە زیاتر لە دەوری ئەخلاق و ئایین خۆی دەبینییەوە، لێرەدا گرنگیی سارتەر لەوەدا بوو کە ئەم بابەتەی بە وردبینی و بەشێوەیەکی کۆنکرێت و ئیستدلالی هێنایە بەر باس و بە قووڵی لێی کۆڵییەوە و لەسەری نووسی. بۆیە زۆربەی جاران سارتەر بە داهێنەری چەمکی "ئەدەبی دەروەست" دەناسرێ. ڕەنگە بەناوبانگترین وتەی سارتەر لەوبارەوە ئەوەبێ کە گوتی: نووسەری دەروەست ئەو خەونە ناموکینەی لەسەر دەرکردووە کە نەخشێکی بێلایەنانە و نابەرپرسانە لە کۆمەڵگای مرۆییدا بکێشێ". لێرەوە دیارە کە سارتەر لە باسی ئەدەبی دەروەستدا، کۆمەڵگا و مرۆڤ بە بنەما دەگرێ.

### بەربەرەکانێی ئازادی و بەرپرسیارێتی لە دیسکۆرسی ئەدەبیاتی سارتەردا

سارتەر لە باسی ئەدەبیاتدا چەمکی بەرپرسیارێتی دێنێتە بەر باس، بەڵام لە هەمان کاتدا پێیوایە ئەدیبێک کە دەیەوێ لە بەرهەمە ئەدەبییەکەی خۆیدا "ڕاستی" ڕەچاو بکا و بیر لە کۆمەڵگاکەی خۆی بکاتەوە و لەبەرانبەر مرۆڤ و کۆمەڵگادا هەست بە بەرپرسیارێتی بکات، دەبێ "ئازاد ئەندێش"یش بێت و خاوەن هزر و ئەندێشەیەکی ئازاد بێ. لێرەدا کێشەیەک کە دێتە پێش، ئەوەیە کە هەر کاتێک ئێمە بەرپرسیارێتی و دەروەستبوونێک بخەینە ئەستۆی کەس یان چەمکێک، بمانەوێ و نەمانەوێ هەموو یان بەشێک لە ئازادییەکەی ئەومان لێی سەندووە. پرسیارێک کە دێتە ئاراوە ئەوەیە، ئایا دەروەستبوون بە شتێک دژی ئازادی بیر و هزری ئەدیب نییە؟ پاشان ئەگەر بڕیارە سنوورێک بۆ ئازادی قایل بین، ئەو سنوورە کوێیە؟ ئەگەر نووسەرێک لەسەر ئەو باوەڕە بێت کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگادایە بڕوای بە فڵانە بیروبۆچوون، حیزب یان ئایین هەبێ و هەر بەوپێیە لە ڕێگای هونەرەکەیەوە بانگەشەی بۆ بکات، ئایا ڕاستەوخۆ ئازادی بیرکردنەوەی خۆی بەرتەسک نەکردووەتەوە؟ لەلایەکی دیکەوە ئایا بەرژەوەندی کاتیی کۆمەڵگا "ڕاستی" ناخاتە مەترسییەوە؟

بە نموونەیەکی سادە کراوە درێژە بە باسەکە دەدەم: وای دابنێن شاعیرێکی بێدین کە بڕوای تەواوی بەوە هێناوە هەموو دینەکان بێ بنەمان و خوایەک نییە و بڕوای تەواوی بە ئازادیی مرۆڤ هەیە و هەر بەم پێیەش ژیانی خۆی هەڵچنیوە، شاعیرێکی دەروەست بێت و دەرد و مەرگی کۆمەڵگاکەی بەلایەوە گرینگ بێت. ئەم شاعیرە بەپێی ئەقڵی خۆی ڕۆژێک بەو ئاکامە دەگا کە لەم کاتەدا ئاینپەروەری دەتوانێ یارمەتی کۆمەڵگاکەی بدات کە لە بەرانبەر دوژمنێکی دەرەکیدا یەکگرتوو بن. بۆیە ئەگەرچی خۆی بڕوای بە ئایین نییە، بەڵام لە شیعرەکانیدا بانگەشەی ئایین و ئەخلاقی ئایینی و بابەتی لەو جۆرە دەکات. لێرەدا ئەگەرچی ئەو بە نیسبەت کۆمەڵگاکەیەوە دەروەست و بەرپرسیار بووە، بەڵام ئازادی و ڕاستی (ڕاستییەک کە خۆی بڕوای پێی هەیە) بوون بە قوربانی.

کەواتە دەبێ هەم بۆ ئازادی و هەم بۆ دەروەستبوونی ئەدەبیات سنوورێک دابنرێ و هەروا کە "ڕاستی" چەمکێکی ڕێژەییە، بۆ ئەم دوانەش دەبێ ڕێژەیەک دیاری بکرێ. بۆیە زۆربەی ڕۆشنبیران و ڕەخنەگرانی هاوچەرخ سنووری ئازادی هەتا ئەو شوێنە دیاری دەکەن کە نووسەر بەگشتی و یەکسەرە لە کۆمەڵگا دانەبڕێ و تەواو بە دەربڕینی هەستە تاکەکەسییەکانی خۆیەوە خەریک نەبێ و خۆی بە تەواوی لە کۆمەڵگاکەی جیا نەکاتەوە و لە باسی پێبەندبوونی ئەدەبیات بە کۆمەڵگادا لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەدەبیات نابێ بە تەواوی بچێتە خزمەت ئامانجەکانی کۆمەڵگاوە و لە ئامانج و بنەما ئەدەبییەکان بە تەواوی دووربکەوێتەوە.

جەمسەری ئەدەبیی تەواو دەروەست لە جیهانی هاوچەرخدا دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی کۆمۆنیزم و ڕێبازی ڕیالیزمی سۆسیالیستی کە لەسەر ئەو باوەڕە بوون ئەدەبیات و هونەر بەگشتی کاتێک واتا پەیدا دەکەن و کاتێک دەبنە خاوەن بایەخ کە بپەرژێنە سەر بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەکانی کۆمەڵگا باس بکەن. ئەمە لە ڕەخنەی مارکسیستی ئەدەبیاتدا بە تەواوی تیۆریزە کرابوو، هەتا ئێستایش ئەگەرچی کاڵ بووەتەوە، بەڵام لایەنگرانی خۆی هەر هەیە. بۆیە کاتێک باسی ئەدەبیاتی دەروەست دەکرێ، بێ سێ و دوو وەبیر ئەدەبیات و ڕەخنەی مارکسیستی دەکەوینەوە. بۆ نموونە ماکسیم گۆرکی بە تەسەلی لەسەر ئەم بابەتە قسەی کردووە و تەنانەت ناوی "ڕیالیزمی سۆسیالیستی" کە خاڵی بەرانبەری ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەیە، لە داهێنانی ئەوە. مایاکۆفسکی شاعیری ڕووس پێیوابوو "مەرجی سەرەکی لە کاری شاعیردا ئەوەیە لە ڕێگای شێعرەوە کێشەیەک لە کێشەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات" (غنیمی هلال 1998 الادب المقارن: 397).

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی یەک دوو سەدەی ڕابردووشدا ئەدەبیاتی دەروەست ئەگەرچی ڕەنگە وەکوو ڕۆژئاوا بە شێوەی کۆنکرێت باس نەکرابێ، بەڵام بەگشتی لە خزمەت سێ چەمکی ئایین، نەتەوە و کۆمەڵگادا بووە. ئایینی ئیسلام و نەتەوەپەرستیی فارس و عەرەب و تورک و ئەدەبی بەرەنگاریی کورد و ئەدەبیاتی سۆسیالیستیی شاعیرانی چەپ و ... هەموو بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بازنەی ئەدەبی دەروەستدا جێدەگرن. هەر ئەمە پیشان دەدا کە واتای ئەدەبی دەروەست دەتوانێ چەندە بەربڵاو و فرەڕەهەند بێ و هەروا کە دەتوانێ خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات، دەتوانێ ببێتە چەکێکی مەترسیدار بە دەست دوژمنانی مرۆڤایەتی و ئازادی و ڕاستییەوە. ئەدەبیاتێک کە لەلای ئایین، هزرین، نەتەوە و کۆمەڵگای A ئەدەبی دەروەست و مرۆڤانە و ئایینی و ئەخلاقییە، دەتوانێ لەلای ئایین، هزرین، نەتەوە و کۆمەڵگای B تەواو پێچەوانە بێت و لێرەدایە کە بابەتی پڕ لە موناقەشەی ئەدەبی لۆکاڵی و ئەدەبی جیهانی بە شێوەیەکی ئاشکراتر خۆی دەردەخات کە خۆی پێویستی بە لێوردبوونەوەی زۆر و وتارێکی تایبەتە.



سەرچاوەکان
- ڕسولی، حجت. 2000. معیار تعهد در ادبیات. پژوهشنامه علوم انسانی: شماره (45)
- سکات ولبور 1378. دیدگاههای نقد ادبی. ترجمه فریبرز، سعادت. تهران: امیر کبیر.
- زرین کوب، عبدالحسین. 1361. نقد ادبی. تهران: امیر کبیر.
- ارسگو 1377. فن شعر. ترجمه عبدالحسین زرین کوب. تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب.
غنیمی هلال، محمد. 1998. الادب المقارن. مصر: دارالنهچه.

کاتەشدا وەرگێر پێویستە وردبێت لە گەڕانەوە بۆ ڕیشە و ئەو گۆڕانانەی بەپێی دەوروبەر و کات و ناوچە جیاوازەکان ڕوویداوە. پاشان بە باسکردنی (دەربڕینە واتاییەکان و ئیدیەم و میتافۆر و هاوواتایی و هاوبێژی و جۆرەکانیان) زیاتر باسی گرفتەکانی وەرگێڕان دەکات، بۆ نموونە لە هاوواتاییدا وشەکانی (گەورە، فراوان، مەزن و بەرین) لە هەندێک دەوروبەری زمانیدا وەک هاوواتان، بەڵام لەگەڵ چوونە پاڵ وشەیەکی دیکە هاوواتاییەکەیان نامێنێ، هەروەک توێژەر بۆچوونی شارەزایان دەخاتەڕوو کە زەحمەتە هاوواتایی تەواو لە زماندا هەبێت، چونکە واتا لاوەکییەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێک و لە دۆخ و شوێن و ژینگە جیاوازەکاندا دەگۆڕێت، لە وەرگێڕاندا دەکرێت وشەیەک لە زمانی ئامانجدا هاوواتای هەبێت، بەڵام هەمان وشە لە زمانی سەرچاوەدا نەیبێت.

توێژەر باسی فرەواتاییش دەکات کە لە وەرگێڕاندا کێشە دروست دەکات، بۆ نموونە وشەی (قلیل) لە زمانی عەرەبیدا چەندین واتای هەیە، دەکرێت لە کوردیدا بە (نەختێک، کەمێک، تۆزێک، چۆڕێک، هەندێک، بڕێک) وەرگێڕدرێت، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە هاتنیەتی لە سیاقە جیاوازەکاندا.

بەشی چوارەم: پراکتیزەکردنی ڕستە و دەقەکان لە وەرگێڕاندا.

لە دوا بەشی توێژینەوەکەدا، توێژەر بەشێوەیەکی پراکتیکی تێکست دەهێنێت و بەشێوەی وشە بە وشە، دواتریش بە ڕێبازی واتایی وەریدەگێڕێت و کەلێنەکانی دەخاتەڕوو، بۆ نموونە چەند وەرگێڕانێکی وشە بە وشە دەکات و پێشیوایە ئەم جۆرە وەرگێڕانە زیاتر بۆ دەقی (یاسایی، ئابووری، ئاینی و زانستی) گونجاوە و وەرگێڕانی تێکستی ئاینی بە گرانترین جۆری وەرگێڕان دەزانێ. پاشان لە بوارەکانی ئەدەب و رامیاری و کۆمەڵناسی نموونەی وەرگێڕانی لە عەرەبی بۆ کوردی هێناوەتەوە، لە ئەدەبدا نموونەی ڕۆمانی (پیرەمێرد و دەریا)ی هێناوەتەوە کە شێرکۆ بێکەس لە ساڵی 1982 وەریگێڕاوە بۆ کوردی و لە سێ خاڵدا جیاوازیی وەرگێڕانەکان دەخاتەڕوو:

١ـ وەرگێڕانی وشەیی:

ـ هەشتا و چوار رۆژ تێپەڕی بوو بەبێ ئەوەی یەک ماسی بباتەوە.

٢ـ وەرگێڕانی واتایی:

"هەشتاو چوار رۆژی ڕەبەقی بەسەربرد و تەنیا ماسییەک چییە دەستکەوتی نەبوو" شێرکۆ بێکەس.

٣ـ وەرگێڕانی واتایی توێژەر بۆ هەمان تێکست:

هەشتاو چوار رۆژی ڕەبەقی بەسەربرد و تەنانەت ماسیەکیشی چنگ نەکەوت.

لە کۆتاییشدا توێژەر وێڕای فەرهەنگۆکێک بۆ چەمک و زارە بەکارهاتووەکان، بە نۆ خاڵ ئەنجامی نامەکەی دەخاتەڕوو.



# هاوزێ؛ سەرپێچیکردن لە گێڕانەوەدا






حەمە مەنتک

ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیزم وەکوو فۆرمێکی نوێی نووسینی دەق، ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە بوو کە ڕەوتی پۆستمۆدێرنیزم هێنایەدی. زاراوەی پۆستمۆدێرنیزم لە بنەڕەتدا بۆ ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ناکۆکی زۆر لەسەر مێژووی بەکاربردنی ئەو زاراوەیە هەیە. بە بۆچوونی (ئیهاب حەسەن) بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار بۆ نووسەری ئیسپانی (فدریکۆ دی ئۆنیس) لە کتێبی (هەڵبژاردەیەک لە شیعری ئیسپانی و ئیسپانیی ئەمریکی) دەگەڕێتەوە. ئەم کتێبە لە ساڵی 1934 بڵاودەبێتەوە. پاشان (دۆلی فیتس) لە کتێبی (هەڵبژاردەیەک لە شیعری نوێی ئەمریکی لاتینی) لە ساڵی 1942 ئاماژەی بۆ دەکاتەوە. هەردوو بەکارهێنانەکە ئاماژە بۆ پەرچەکردارێکی لاوەکی لە ناوەڕۆکدا بەرانبەر مۆدێرنیزم دەکەن. کەواتە ئەم زاراوەیەکە سەرەتا لەناو ڕەخنەی ئەدەبیدا پەیدا دەبێت و گەشە دەکات. هاوکات ئەم چەمک و زاراوەیە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبی (توێژینەوەی مێژوو)ی مێژوونووسی ئینگلیزی (ئارنۆڵد توینبی) مەدلولی دیکە وەردەگرێت. بەتایبەت ئەم مێژوونووسە ئاماژە بۆ سێ تایبەمەندی دەکات کە کۆمەڵ و فیکری ڕۆژئاوا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەوانی دیکە جودا دەکاتەوە. ئەوانیش: ناعەقڵانی، ناپێوانەیی و ئاژاوەگێرییە. ئەمانە دەبنە خەسڵەتی کۆمەڵی ڕۆژئاوایی. لێرەوە هەردوو زاراوەی (پۆستمۆدێرنێتە) و (پۆستمۆدێرنیزم) لە یەکدی جودا دەکرێنەوە. هەرچی زاراوەی یەکەمە، دەلالەت لە ماوەیەکی مێژوویی دەکات، بەڵام زاراوەی دووەم دەلالەتە لە جۆرێک لە ڕۆشنبیریی سەردەم.

ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیزم ڕیشەکەی بۆ پەیدابوونی ڕۆمانی شەپۆلی هۆش و ڕۆمانی نوێ لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە. ئاشکرایە ڕەهەندە ئەدەبییەکەی پۆستمۆدێرنیزم بۆ بۆچوونی نووسەر و ڕەخنەگران (ئیهاب حەسەن و لیزلی فیدلەر) دەگەڕێتەوە. (لە دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوودا ڕەخنەگر ئیهاب حەسەن وەکوو یەکێک لە ڕابەران و تیۆریزانانی ئەم ڕەوتە، هێندێ بنەمای تیۆری بۆ ئەدەبیاتی پۆستمۆدێرنە دانا.) [هاتو، ٢٠١١، ص١٨] ڕەخنەگر (ئیهاب حەسەن) بیرمەندێکی ئەمریکییە، بە ڕەگەز عەرەبە و خەڵکی میسرە. ئەم دوو بیرمەندە داوایان کرد دەق دەبێ بەرەو کرانەوە بڕوات، هەموو دیاریکردن و سنووربەندییەکیان لە دەقدا ڕەتکردەوە، بە ئامانجی ئەوەی پرۆسێسەی ڕاڤەکردن بەردەوام بێت. هاوکات بۆ ئەوەی دەق هیچ کۆتاییەکی نەبێت، سنوورێک بۆ واتا نەبێت.

ڕۆمانی (هاوزێ)ی (دلاوەر ڕەحیمی) هەوڵێکە بۆ شکاندنی بنەماکانی گێڕانەوە، سەرپێچیکردن لە هەموو ڕەگەزەکانی گێڕانەوە. سێ کارەکتەری سەرەکی (فاروق)، (زارا) و (سەردار) بە نۆبەت ڕووداوەکان دەگێڕنەوە. بەردەوام دەستاودەستکردنی گێڕانەوە، گۆڕینی وەگێڕ و بەردەنگ هەیە. ئەوەی جێی سەرنجە لەم ڕۆمانەدا، گۆڕینی بەردەوامی بەردەنگەکانە. لە ڕۆمانی فرەدەنگدا بەردەوام وەگێڕەکان دەگۆڕێن، بەڵام لەم ڕۆمانەدا بەردەنگەکانیش بەردەوام دەگۆڕێن. ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی فرەدەنگ، فرەحیکایەتە. ڕۆمانێکە تەواو زیهنی. هەر لە یەکەم لاپەڕەوە، لە دەسپێکەوە کارەکتەر (فاروق) بەبێ ئەوەی دەنگی بێتەدەر، یان بتوانێت قسە بکات، لە زیهنی خۆیدا شتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە. کەواتە بردنی خوێنەر بۆ ناو زیهن، هەوڵێکە بۆ دروستکردنی جیهانێکی تایبەت و جودا لە جیهانی واقیع. من لێرەدا دەمەوێ هێندێ تایبەتمەندی ئەم ڕۆمانە وەکوو ڕۆمانێکی پۆستمۆدێرنیزم دیاری بکەم.

هەڵوەشاندنەوەی فۆرمە باوەکانی گێڕانەوە، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەی نوێ. ئەمەیش بە ئامانجی خەلقکردنی بنیاد و ئێستاتیکایەکی دیکە، بۆ ئەوەی تایبەتی و تاکایەتی لە دەقدا بهێننە کایەوە. لەم سەردەمەدا ڕۆمان بریتییە لە سەرکێشیی نووسین، نەک نووسینی سەرکێشی. ئەوەی لە ڕۆمانی نوێدا دەبێت هەبێت، سەرکێشی و لادانە لە فۆرمە باوەکانی ڕۆمان. قسەکردن لەبارەی فۆرمی گێڕانەوە، یان ڕەهەندە ئەزموونیەکەی گێڕانەوە ئاستی پێکهاتە و تەکنیکی گێڕانەوە دەگرێتەوە.

یەکێک لە خاسیەتەکانی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیزم، بریتییە لە پشێویی گێڕانەوە. مەبەست لەم چەمکە ئەوەیە، ڕۆماننووس بێت پشێوی بخاتە ناو فۆرمەکانی گێڕانەوە. چۆن شارێکی ئارام هەبێت، دەستەیەک، کۆمەڵە کەسێک پشێوی و ئاژاوە بخەنە ناو شارەکە، بۆ ئەوەی ڕەوتی ئاسایی ژیان و یاساکانی پێشێل بکەن. هەمان شێوە ڕۆماننووسی پۆستمۆدێرنە دێت هەموو فۆرمە باوەکانی گێڕانەوە تێکدەدات. واتە بێ فۆرمی و بێ سیستەمی دەکاتە پێوەر. کاتێک خوێنەر ڕۆمانی (هاوزێ) دەخوێنێتەوە، بەر هیچ قاڵبێکی گێڕانەوە ناکەوێت. بە تەواوی هەست بە بێ فۆرمیی ئەو ڕۆمانە دەکات. ڕۆمانەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، دوو بەشی یەکەم دابەشی سەر چەند هوردە بەشی دیکە دەبن. بەڵام بەشی سێیەم بە یەک ئاراستە دەڕوات، پێچەوانەی دوو بەشەکەی پێشتر. خوێنەر بە تەواوی هەست بە بزربوون دەکات. هێندێ جار خوێنەر تووشی سەرلێشێوان دەبێت، ئایا لە کوێی ڕۆمانەکەدایە؟ ڕووداوەکان بە شێوەیەک پەرت کراون، هەڵگرتنەوە و پێکەوە لکاندنیان زەحمەتی زۆری دەوێت. هەر لە دەسپێکەوە خوێنەر بەر زیهنی کارەکتەری سەرەکی دەکەوێت. "بە هەیکەلە زلەکەی و قامکە ئەستوورەکانیدا ناسیمەوە ..." [ڕەحیمی، ٢٠١٨، ل٨] ، لێرەوە خوێنەر تێدەگات، ئەوەی دەیخوێنێتەوە دنیای زیهنی کارەکتەرە، ئەوێ شوێنی ململانێیەکانە. ڕووداوەکان پارچە پارچە کراون. بەشی یەکەم (فاروق) ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەشقیا دەبێت و لە چیا دەمێنێتەوە. هەمیشە خوێنەر لە دیمەنی واقیعییەوە بۆ دیمەنی فەنتازی و قسەکانی لەناو یادەوەریدا دەبردرێت. بۆیەش قسەکان زۆر جار پەرت و کەرت کراون. "گیرۆدە و ئاڵوودەی ڕابردوویەکت کردم کە لێی هەڵدەهاتم. گیرۆدەی ئەو چیا و دۆڵ و کەندانەت کردم کە بێباکانە و بە چاوی نووقاوەوە تیایاندا گوزەرم کردبوو. یانژی لێی بپرسم ئەرێ تۆ ئاقڵتری، ئەمەی من پیایدا دەگوزەرێم ناوی چییە؟...ئەو چی دەگوت؟ زارا چی دەکرد؟ ئەو چی کردبوو؟ ئەو دەموچاوی دەدا بەیەکدا، سەیرێکی دەوروبەری دەکرد و دەیگوت: من؟ من چیم لە تۆ کردووە؟ هاااا چی؟" [ڕەحیمی، ٢٠١٨، ل١٧] ئەوەی ڕووداوەکانی لەسەر ڕوودەدات واقیعێکە لەناو زەینی کارەکتەردا. بەمەیش خوێنەر نازانێت کامەیە ئەو فۆرمەی ڕۆماننووس ڕووداو و واقیعی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی لەسەر بنیادناوە.

تەمومژی کارەکتەر، خاسیەتێکی دیاری ئەم ڕۆمانەیە. مەبەست لە تەمومژی کارەکتەر، هەڵوەشاندنەوەی بنیادی ئاسایی کارەکتەرە. واتە کارەکتەر لە هاوشێوەیی و لۆژیک و مەعقوولییەت دەگۆڕێ بۆ ناهاوشێوەیی، نالۆژیک و نامەعقوولییەت. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کارەکتەرەکان کلک و باڵیان بۆ کرابێت، بەڵکوو مەبەست لادانە لە شێوەی باوی خولقاندنی کارەکتەر. کارەکتەرەکانی ناو (هاوزێ) لە سەردەم و شوێنی جوایەزدا دەژین. زۆرجار کارەکتەرەکان تووشی وەهم دەبن، لە ناکاو خۆیان بەناو گێڕانەوە و چیرۆکی یەکدیدا دەکەن. بۆ نموونە کاتێک (سەرداری کەمال ئاغا) یادەوەری و چیرۆکی خۆی لە چیا بۆ (فاروق) دەگێڕێتەوە، لەناو یادەوەری (فاروق) دا، (زارا) خۆی بەناو گێڕانەوەدا دەکات. ڕەوتی گێڕانەوە دادەبڕێ. بەمەیش زەمەنی چیرۆک لەناو ڕۆمانەکە دەوەستێ و زەمەنێکی دیکە کە زەمەنی ڕابردووە، دێتە پێشەوە. بەمەیش زەینی خوێنەر پەرت دەبێت، خوێنەر دەبێت بەردەوام بە ئاگاداری و وریاییەوە دەقەکە بخوێنێتەوە، چونکە ڕەنگە لە ناکاو کارەکتەرێک خۆی بەناو گێڕانەوەدا بکات. دەبێ ئەوەیشمان لەبەرچاو بێت، ئەم لە ناکاو خۆ بەناو گێڕانەوەداکردنە بەبێ زەمینەسازی نەکراوە، شتێک نییە وەکوو کوارگ لە خۆڕا هەڵتۆقێت. بۆ نموونە لە لاپەڕە (٣٢ و ٣٣)دا کاتێک (سەرداری کەمال ئاغا) باسی خۆی دەکات، پرسیارێک لە (فاروق) دەکات: "تۆ قەت دەنگت ئێشاوە؟ من ژان و ئازاری دەنگ حەجمانم ناهێڵێ، دەمگریەنێ.

شڵەژام! من و زارا لە پاڵ درەختێکی تاقانەی نێو دەشتێکی چڵکنی خوارووی ئەو وڵاتەی هاوسێمان خەریکی دەردەدڵ بووین". [ڕەحیمی، ٢٠١٨، ل٣٣] ئەمە زیهنی کارەکتەرە گێڕانەوەکە ڕادەگرێت، ڕووداوی پێوەند بە خۆی و زارا دەهێنێتە پێشەوە. ئەم گەمەکردنە لەگەڵ بیرکردنەوەی خوێنەر، هەوڵێکە بۆ پچڕینی زیهنی خوێنەر. دەیەوێ وەک چۆن خۆی زیهنی پەرت و ئاڵۆزە، هی خوێنەریش ئاوا لێ بکات. "ئەم کارەکتەرانە لە نامۆییەکی کوشندەدا دەژین و هەست ناکەن سەر بە وڵاتێکی دیاریکراو بن". [ئەحمەدزادە، ٢٠١٢، ل٢٨٩] . کارەکتەرەکان لە واقیعێکی دیکەدا دەژین، هەمیشە بە دوای واقیعێکی دیکەوەن، ئەو واقیعەش زیهنی خۆیانە. تەنانەت چارەنووسی کارەکتەرەکان لەم ڕۆمانەدا زۆر تەمومژاویە. چارەنووسی (زارا) لەناو ئەو ئیمەیلانەیە کە بۆ (فاروق)ی ناردووە، بەڵام هێشتا لە تەمومژدا ماوەتەوە. چارەنووسی (سەرداری کەمال ئاغا)، چارەنووسی دایک و خوشکی (فاروق) بە نادیاری ماوەتەوە، هەر هێندە هەیە، ڕۆیشتوون بۆ بەغدا. تەنانەت چارەنووسی (فاروق)یش نادیارە، هێندە دەزانین لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا چەک دەداتەوە هاوڕێکانی و ملی شاخەکان دەگرێتەبەر، لە سەرەتای ڕۆمانەکەیش بریندارە و زمانی لەگۆ کەوتووە.

گەمەی گێڕانەوە یەکێکە لە خاسیەتەکانی دیکەی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیزم. لە (هاوزێ) دا ڕۆماننووس گەمەیەکی هونەری لە ڕەوتی گێڕانەوە لەگەڵ خوێنەر دەکات. زوو زوو لە دەمی گێڕانەوەدا بابەتەکان دەگۆڕێن. ئەوە نییە لە هەوەڵەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە بابەتەکان بە یەک ئاراستە بێن. گۆڕینی بابەتەکان پێوەندی بە تەمومژ و شێواویی زیهنی کارەکتەرەکانەوە هەیە. هەرچەندە بابەت و کارەکتەرەکان زۆرن، بەڵام خوێنەر لە زۆریی کەسەکان بێزار نابێت کە هەریەکە و بە بەسەرهاتی خۆیەوە بەشداری دەکا، هەروەها هەست بە غیابی ئەو تاک پاڵەوانەش ناکا، کە ڕاهاتووە لە ڕۆمانی ئاساییدا بیبینێت. لە ڕۆمانی کۆندا یەک کارەکتەر و یەک بابەت سەرەکی بوون، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا جودا لەوەی بابەت و کارەکتەرەکان فرەن، زوو زووش دەگۆڕێن. بۆ نموونە کاتێک (سەرداری کەمال ئاغا) باسی (کەژاڵ) دەکات، کاتێ مێردمنداڵ بووە، سێکسی لەگەڵ کردووە، لێرەوە زیهنی کارەکتەر گێڕانەوە دەوەستێنێ و باسی (زارا) دەکات، کە هەمان خاسیەتی هەبووە. تەنانەت لە بەشی یەکەمدا ئەو ڕووداوانەی (سەردار) دەیانگێڕێتەوە، زوو زوو هێندێکی لێ دەپەڕێنێ، یان قووت دەدا و دەچێتە سەر باسێکی دیکە. ئەم پەرتییە بۆ ئەوەیە خوێنەر هەوڵ و کۆشش بدات، بۆ خڕکردنەوەی کۆی ڕووداو و بابەتەکان و بەیەکیانەوە ببەستێتەوە.

ئەوەی پێوەندی بە هەڵوەشاندنەوەی بنیادی گێڕانەوە و چیرۆکی ناو ڕۆمانەکەوە هەیە، هەوڵێکە بۆ پارچە پارچەکردنی گێڕانەوە و دواخستنی ڕووداوەکان. بەمەیش ئێستاتیکایەک لە گێڕانەوەدا دەخولقێنێ لەڕێی فرەیی، جۆراوجۆری و ڕەنگاوڕەنگکردنی وێنە و جووڵەی گێڕانەوە. لە هەمووی گرینگتر لەم ڕۆمانەدا تاککارەکتەری (پاڵەوان) بوونی نییە. ئەوانەی هەن کۆمەڵێ کارەکتەرن، هەمووشیان ڕۆڵی سەرەکیان هەیە. هەر بەشەی کارەکتەرێک ڕووداوەکان بەکەرتکراوی دەگێڕێتەوە. ئەوە خوێنەرە دەبێت پێوەندییەکی لۆژیکی و مەعقوول لەنێوانیاندا دروست بکات، چونکە لە دەمی خوێندنەوەدا هیچ پێوەندییەکی لۆژیکی لە نێوانیاندا نییە. لە دەسپێکدا (فاروق) بریندارە و لەسەر جێیە، لە ناکاو دەبینێت ئەو کارەکتەرە لە چیا ژیان دەگوزەرێنێ. دوای ئەوە لە ناکاو کەسێکی کورتەباڵا لە کارەکتەر بە دیار دەکەوێ و ڕەوتی گێڕانەوەی لێ وەردەگرێ و خۆی دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی دەکات. هەمیشە فەزای ڕابردوو، ئێستا بەر یەک دەکەون و تێکەڵی یەکدی دەبن، بۆیەش دەکەونە ململانێ، بەمەیش فەزایەکی سەرسامکەر لەناو دەقەکە دروست دەبێت.

**سەرچاوەکان:**

**1. ئەحمەدزادە (د.هاشم)، 2012، زمان، ئەدەب و ناسنامە، دەزگای ئاراس، هەولێر.**
**2. ڕەحیمی (دلاوەر)، 2018، هاوزێ، ڕۆمان، هەولێر.**
**3. هاتو (د.ماجدە)، 2011، الروایة العربیة ما بعد الحداثة (دراسة في الخطاب الروائي)، اطروحة دکتوراه، کلیة التربیة ابن رشد، جامعة بغداد.**



# ساڵ لە خۆشەویستیدا چرکەیەکە

## خوێندنەوەیەك بۆ شانۆیی (گەر بڕیارە بمرین)

مەریوان هەڵەبجەیی

گرووپی شانۆیی سکێچ لە ڕۆژانی 26 تا 30/11/2018 لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی شانۆیی (گەر بڕیارە بمرین)ی پێشکەش کرد. ئەم بەرهەمە پێنجەم بەرهەمی شانۆکاری چالاک و پڕکار شوان کەریمە لەناو هەرێمی کوردستان و بەزمانی کوردی. لە شانۆیی (ئازارەکانی ئەودیو پەنجەرەیەک)ەوە کە لە ساڵی 2009 پێشکەشی کرد، تا ئەم دوایین بەرهەمەی، نیشانی داوە کە شانۆنامەنووس و دەرهێنەرێکە لەگەڵ دووربوونی ماوەی چارەکە سەدەیەک لە کوردستان، هێشتا لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکانی کوردستان و کێشە و گرفتەکانی تاکی کورد و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێرەدا دەژی.

### دەربارەی دەق

دوابەرهەمی شانۆنامەنووس و ئەکتەر و دەرهێنەری تاراوگەنشین شوان کەریم ، چیرۆکێکی سادە بەڵام کاریگەری هەیە. پرسیارکردن لە پرسی هیوا لە ڕۆژگاری بێهیواییدا. نووسەر لەڕێگای کارکردن لەسەر ماناکانی (خۆشەویستی، خود، کات، خەون، یادەوەری و هیوا) بونیادی درامیی دەقەکەی دامەزراندووە و هەوڵی داوە بە وردی کار لەسەر دۆخی مرۆڤ لە بازنەی ئەو چەمکانە و کارلێکەکانی مرۆڤ لەگەڵ خود و ئەویدیدا بخاتەڕوو. یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی شانۆنامەکانی شوان کەریم هەڵگری فرەمانایی و چەند ڕەهەندیبوون و تایبەتمەندیی مانا شاراوە و نادیار و ناوەکییەکانی دەقن. دەنگی کارەکتەری جیاواز و دژبەیەک و خاوەن دونیابینیی جیاواز دەبیستین. کێشمەکێش و ململانێی درامیی قووڵ. هەم کارەکتەرەکانی سەرکێش و کاریگەرن، هەم وردەکاریی دەروونیی کەسێتی و دۆخی ڕوحی و هەستی و سۆزداری بە وردەکاریی و قووڵی بونیاد دەنێت. یەکەم شانۆنامەنووسە لە باشووری کوردستان لەم چەند ساڵی دواییەدا دیبێتم کە بەردەوام پانتایی هزر و ئەندێشە و دونیابینی نمایشەکانی ڕوو لە گەشە و فراوانبوون و هەڵکشانی بەردەوام بن. گەر بڕیارە بمرین گەرچی ناونیشانێکی تاڕادەیەک ڕاستەوخۆی هەیە و هەر لە سەرەتاوە نیشانی دەدات کە لە مەرگ دەدوێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پرسیاریشە و هەر لە ناونیشانەوە تووشی ڕامانمان دەکات و دەمانخاتە بەردەم پرسیارەوە. ئەویش بە هۆشیارییەکی زۆرەوە و لە ڕێگای کەسانێکەوە پرسی مەرگ دەخاتە بەرباس و گفتوگۆ کە لە دوایین وێستگەی ژیانیاندان و بەمانایەکی تر لەبەردەم دەرگای مەرگدان. واتە بە هەموو مانایەک تاڵی و ناخۆشیی ژیان و نەخۆشی و تەنیایی و پەراوێزبوونیان ئەزموون کردووە. شوێن کە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی نمایشە، نووسەر بە هەستیارییەوە هەڵیبژاردووە و مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

چیرۆکی چەند نەخۆشێکی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەیەکدا و لە دوایین ڕۆژەکانی ژیانیاندا. نووسەر باشترین و یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین هونەرەکانی سەردەم (سینەما)ی کردووە بەبیانووی ئەوەی بونیادی درامیی چیرۆکەکەی خۆی بەهێز بکات و بەباشی بیباتە پێشەوە و لەوێوە ئەندێشە و ئایدیاکانی خۆی بخاتەڕوو. چ شتێک لە سینەما سەرنجڕاکێشترە تا کۆمەڵێک نەخۆش بیانەوێت لە ڕێگایەوە ئەو کردە مرۆییە ئەنجام بدەن و وا بکەن یەکێک لە نەخۆشەکان لە دواساتەکانی ژیانیدا بگات بە خەونەکانی. لە ڕێگای ئەو پرۆسەیەشەوە خۆشیان بگەن بەو باوەڕەی کە تا خەون و هیوایان هەبێت مەرگ لێیان دووردەکەوێتەوە و دەتوانن بەردەوام بن لە ژیان (وەک چەند جارێک لە زمانی کارەکتەری ئالان، کارۆخ، هەژان هێرش، بەهێ)وە دەیبیستین. لە نمایشەکەدا نەبوونی دەرک و تێگەیشتن لە نێوان مینای هونەرمەند و لاسی هاوسەریدا دەبینین و لە دیمەنی یەکی فیلمەکەشدا هەمان هۆکار دوو خۆشەویست لەیەک جیادەکاتەوە و لەناو نەخۆشخانەکەش هەمان چیرۆک لەلایەن دوو کارەکتەری ترەوە دووبارە دەبێتەوە. جەختکردنەوەی نووسەر لە نەبوونی تێگەیشتن و ڕوانینی هاوبەش و ئایدیای جیاواز وەک هۆکاری جیابوونەوە و تەنیایی، بەباشی و بەشێوەیەکی تەواو دراماتیکی ڕوودەدات و بەرجەستە دەبێت. هەرئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی مرۆڤ لە شادی و تاڕادەیەک هیوا گەورەکان دوور دەکەیتەوە. ئەوان دەیانەوێت خەونی یەکێک لە هاوڕێکانیان (مینا، پەرژین عەبدولڕەحمان) بهێننە دی، کە دروستکردنی فیلمەکەیەتی پێش مەرگ. بەڵام زۆرجار بیریان دەچێتەوە چی دەکەن و ململانێ و شەڕی نێوان خۆیان دەستپێدەکاتەوە و وەک بڵێی دەبێت بەردەوام بیریان بهێنرێتەوە کە لە کوێن و ئامانجیان چییە (وەک دیمەنی بەبیرهێنانەوە لەلایەن کارەکتەری (هەژان هێرش)ەوە. نمایش دەستپێدەکات، کامێرا لەسەر تەختەی شانۆ دەبینین و دوو لە نەخۆشەکان (لاس، گۆران نامیق. دانا، بڕیار حەمەڕەشید) لە پشت کامێراوە پڕۆڤە دەکەن و دواتریش لە بارەی میناوە دەدوێن و لە ئامادەکردن و وێنەگرتنی ئەو فیلمەدان کە مینا خەونی بووە دروستی بکات. لەم دەستپێکەوە ئاماژە بە جیابوونەوە، یان وەک لاس دەڵێت، بەجێهێشتنی لاس لەلایەن میناوە دەکرێت و بینەر ئاشنا دەبێت بە یەکەم جیابوونەوەی نمایشەکە. بەڵام بەدوایدا یەکەم ساتی دەرکەوتنی مینا دەڵێت: چ ڕۆژێکی خۆشە، (ئاماژەیەک بۆ هیوا) دونیا بەجۆرێکی دی بینین و بوونی هیوا. لەپاش هەوڵی ڕازیکردنی مینا لەلایەن لاسی هاوسەری پێشوویەوە کە چەندین ساڵە جیابوونەتەوە و ئێستا هەردووکیان تووشی شێرپەنجە بوون و لە نەخۆشخانەدا یەکیان گرتووەتەوە، مینا لە دیالۆگێکدا دەڵێت: سیناریۆی فیلمەکەم لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەبەر بوو، بەڵام ئێستا بەهۆی شێرپەنجەوە لە بیرم کردووە، لاس دەڵێ خوێندوومەتەوە مرۆڤ بەتەواوی هیچ شتێکی بیرناچێتەوە. ئەم دیالۆگە مرۆڤ دەباتەوە بۆ لێکدانەوەی دەروونشیکاریانەی فرۆید و میکانیزمەکانی لەبیرکردن و لەبیرچوونەوە کە خۆی لە بونیاددا چەمکێکی فەلسەفییە. فرۆید لە کتێبی (شارستانیەت و ناخۆشییەکانی) دا دەنووسێت: زەینی ئێمە دەزگایەکی تێدایە هیچ شتێک لەبیر ناکات. مەحاڵە ڕووداوێک ڕوویدات و لە زەینماندا نەمێنێ، هەموو شتێک لە جێگای خۆیدا دەمێنێتەوە مەگەر ئەندامەکانی یادەوەریمان تووشی زیانی فیزیکی ببن. دیارە پرسی لەبیرکردن بۆ یەکەمجار لە دانپێدانانەکانی ئۆگۆستینی قەدیسدا بە وردی خراوەتە بەرباس و ئۆگۆستین دەڵێت شتێکمان نییە بەناوی لەبیرکردنی ڕەهاوە، چونکە هەر کە دەڵێین ئێمە شتێکمان لەبیر چووە، خەریکین ئاماژە دەکەین بە شوێنەوارەکانی. واتە لەبیرکردن بە خودێتی خۆی تۆمارکردنی شوێنەواری ئەو شتەیە کە لەبیرکراوە. لەبەرئەوەی ناتوانین بگەین بە لەبیرکردنی ڕەها، دەبێت بڵێین خودی لەبیرکراوەکان هاوکات ئاماژەن بە لەبیرکراوەکان و بکەری لەبیرکردن. شانۆنامەنووسی هۆشیار و زیرەک تەنیا خولقێنەری ساتە جوان و درامی و پڕ لە کێشمەکێشەکان و ململانێ و مۆنۆلۆگی کاریگەر و وێنەی بەهێز نییە، بەڵکو گرنگیدان بە باکگراوەندی دەق و دونیابینیی فراوان و قووڵ لە پایە بونیادییەکانی شانۆنامەی مۆدێرنە. لە کوژرانی باوکی خێزانەکە و خۆسووتاندنی کچ و دایک پانتایی مەرگ لە پاش جیابوونەوەکان، زۆرترین پانتاییان هەیە. کارەکتەری منداڵەکە (سۆلیانا سەروەر) کە قورساییەکی گەورەی هەیە لە نمایشەکەدا. گێڕانەوەی چیرۆکی تراژیدی ئەو خێزانە قوربانییەی (قوربانیی ئایین و نەریت و سیاسەت) پێ دەسپێردرێت. کارکردن و بەرجەستەکردنی تاکگەرایی و خودبوونی ڕەگەزی ئافرەت لە نمایشەکەدا پڕڕەنگ و باڵا و کاریگەرە. وەک ڕۆیشتن و پێداگریی بەردەوامی مینا لەسەر خەونەکانی و تەسلیمنەبوونی بە ئیحساساتی سادەی لاس، ڕۆیشتنی دواین کچ لە نمایشەکەدا بەجێهێشتنی ئەو سەرزەمینەی کە ئەو و هاوبیرەکانی ناتوانن هیچ خەونێکی تێدا بهێننەدی. خودی پرۆسەی تۆمار کردن (فیلم، شانۆ، نووسین ...) جەختکردنەوەیە لەسەر بوون و بەردەوامی و جوانی و نەمری. تەنیا جەنگ و گەورەترین جەنگیش لەبەرانبەر بیرچوونەوەدا، نووسین و تۆمارکردن و خودگێڕانەوە و ئەویدی گێڕانەوەیە کە نووسەر بەجوانی بەرجەستەی کردووە. وەک لە کۆتایی نمایش و پاش مۆنۆلۆگەکانی کارەکتەری کچی ماڵەوە دەبیستین دەڵێت بۆ کەس لەسەر ئێمە ناوەستێ (نیگەرانیی قووڵ لەبەرانبەر بێدەنگی و تۆمارنەکردن ) پاشان بڕیاری ڕۆیشتن و بەجێهێشتنی ئەو جیهانە دەدات، بەڵام هاتنی کارەکتەری منداڵ بۆ سەر تەختەی شانۆ و گەیشتن بە ماسییەکەی، جارێکی تر نووسەر بەم کۆتاییە جەخت لەسەر هیوا و بەردەوامی دەکاتەوە.

### دەربارەی دەرهێنان

سەرتەختەی شانۆ بە قووڵاییەکی زۆر تا کۆتایی بەشی دواوەی لەگەڵ لای چەپ و ڕاستەوە کەڵکی لێوەرگیراوە، شانۆ بەتاڵە لە هەرجۆرە شتومەکێک کە لە نمایشکەدا کاریان پێنەکرێت و کاریگەرییان نەبێت. دەرهێنەر تەنیا لەڕێگای جلوبەرگ و یەک دوو ئامرازی بچووکەوە کەشی نەخۆشخانەکەی نیشانداوە. سینۆگرافیایەکی سادە و سەرنجڕاکێش و کاریگەر، دەرهێنەر زیاتر جەختی لە مۆسیقا و گۆرانی کردووەتەوە و لەڕێگای ڕووناکی و وێنەوە ڕەهەندی جوانیناسی بەخشیوە بە نمایشەکەی. لەوکاتەدا کە مینا دیمەنی یەکەمی فیلمەکەی بیردێتەوە و پاش ڕازیکردنی دکتۆر لە دیمەنێکی نمایشی پلاندار و بە نواندنێکی دەستەجەمعی و جوان و سەرنجڕاکێشی چەند ئەکتەردا، دیمەنی یەکەم بە جیابوونەوەی دوو خۆشەویست لە کافترپایەکدا دەستپێدەکات، دەرهێنەر (مینا) دەڵێت ئەم دیمەنە بەوشێوەیە نەبوو. ئاماژە دەکات بە وێنەی بەشی پشتەوەی تەختەی شانۆ کە لە ڕێگای ڤیدیۆ پرۆدێکشنەوە دیمەنی گفتوگۆ و جیابوونەوەی کوڕ و کچەکە نیشاندەدرێت (لێرەوە کاریگەری نامۆبوونی برشت دەبینین)، بەو جیاوازییەوەی لە وێنەکەدا کوڕەکە کچەکە بەجێدەهێڵێت، لەدیمەنی سەرتەختەی شانۆکەدا کچەکە کوڕەکە بەجێدەهێڵێت. شوان کەریم لە زۆربەی نمایشەکانیدا ڤیدیۆپرۆدێکشن بەکاردەهێنێت و جگە لەباری جوانیناسی وێنە، ڕەهەندێکی مانایی قووڵ، بەتایبەت لەڕووی گێڕانەوەوە بە وێنە، دەبەخشێت بە نمایشەکانی، وەک ئەو وێنەیەی کە لەسەرەتاوە دەیەوێت جەخت بکاتەوە لەسەر چالاکبوون و هۆشیاری (مینا، دەرهێنەری ناو نمایشەکە) نیشاندانی جیاوازی ئەو ساتەی کە دەبێتە دیمەنی یەکەمی فیلمەکە لەگەڵ ڕابردوودا و بەبیرهێنانەوەی یادەوەری. چ جووڵەی ئەکتەرەکان لە هەموو ساتەکانی نواندنیاندا، چ ئەو کاتانەی پێکەوە نواندن دەکەن، چ ئەو کاتانەی جیادەبنەوە، بە جۆرێکە کە کۆی تەختەی شانۆکە بەشێکی کاریگەری ئەو جیهانە پێکدەهێنێت. لە دیمەنی دووەمی ناو ماڵێکدا پانتایی چیرۆکێکی تر لەسەر تەختەی شانۆ نمایش دەکرێت. پاش کوژران و مەرگی کەسی یەکەمی خێزان (باوک)، دایکێک و سێ کچ لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی و دواکەوتوودا ئاراستەیەکی تری نمایش پێکدەهێنن. شووکردنی یەکێک لە خوشکەکان بە مەلایەک (بەهێ، هەژان هێرش) و هێنانی دوو ژنی تر بەسەریدا و ئاکامی تراژیدی دایک و خوشکێکی تر بە خۆسووتاندن، کەشی نمایشەکە زۆر ڕەشتر و پانتایی بێهیوایی فراوانتر دەکات. ئەو فۆڕمەی دەرهێنەر هەڵیبژاردووە زۆر نمایشی و خێرا و کاریگەرە و زۆر زوو بینەر دەباتە ناو ڕووداوەکانەوە و وادەکات زوو هەست بە نزیکایەتی بکەن لەگەڵ دونیای نمایش و کەسێتییەکانیدا.

هۆشیاریی دەرهێنەر لە ڕێکخستن و چۆنێتی چنینی ڕووداوەکان و دیمەنەکان. وێنەگرتنی بەشەکانی فیلمەکە و ڕووبەڕووبوونەوەکانی نەخۆشەکان لە دەرەوەی فیلمەکەدا وای کردووە هەمیشە جێگایەک هەبێت بۆ نەفەسکێشانی بینەر و کەمڕەنگکردنی کەشی قورس و تاریکی جیهانی نمایش. کە وێنەگرتنی دیمەنی یەکەم کۆتایی دێت و دەچنەوە دۆخی شادی خۆیان و خۆشحاڵن بەوەی کە دیمەنێکیان سەرکەوتووانە تەواو کردووە. ڕەگەزی مۆسیقا و گۆرانی و کاریگەریی شیعرەکان و گوتنەوەی لەلایەن ئەکتەرەکانەوە ڕوحێکی بەهێز دەکەن بەبەر کەشە درامییەکەدا و کەڵکوەرگرتنی دەرهێنەر لە مۆسیقا و گۆرانیی زیندووی سەر تەختەی شانۆ لەلایەن (ڕاماڵ ئامانج و ڤالان کەمال)ـەوە، یارمەتییەکی زۆر باشی ئەتمۆسفیری نمایش و کاریگەرییە هەستییەکانی لەسەر ئەکتەر و بینەر داناوە. یەکێک لە گرنگترین ڕەگەزە نمایشییەکانی شانۆیی گەر بڕیارە بمرین، بوونی تەکنیک و فۆڕمێکی نوێی گێڕانەوە و نادووبارە و سواوە. کەڵکوەرگرتنی لە دراما لەناو دراما‌دا تێکهەڵکێشکردنی ڕووداوەکان و سوودوەرگرتن لە تەکنیکی سینەمایی لە خزمەتی نمایشەکەدایە. بایەخدانی شوان کەریم بە گێڕانەوە لەم نمایشەدا هەنگاوێکی بەرەوپێشەوە و سەرکەوتووانەیە لە هەموو کارەکانی پێشووتری.

### دەربارەی دراماتورژی

دراماتورژی پانتایی گفتوگۆ و پەیوەندیی دیالێکتیکییە. بیرت کاردولۆ، لیون کیتز، دەیڤید کۆپلین، لە وتاری دراماتورژی چییەدا دەڵێن: ئەرکەکانی دراماتۆرژ بریتییە لە هەڵبژاردن و ئامادەکردنی شانۆنامە بۆ پێشکەشکردن، ڕاوێژ لەگەڵ دەرهێنەر و ئەکتەر، پەروەردەکردنی بینەر، تەنانەت وەک خوێنەری دەق، وەرگێڕ، مێژوونووسی شانۆ، ئیقتیباسی شانۆنامە یان تەنانەت شانۆنامەنووس، یاریدەدەری دەرهێنەر و هەندێک جار دەرهێنەری فێرخواز، ڕەخنەگری ئەو بەرهەمەی لەبەردەستدایە و کاری لەسەر دەکرێت یان تەنانەت وەک ڕاوچی تواناکان سەیر دەکرێت. لە دابەشکردنی ڕۆڵ و هەڵبژاردنی ئەکتەردا و لە پڕۆڤەشدا یارمەتیدەری دەرهێنەرە و ڕۆڵی هەیە و بەمانایەکی تر ڕەخنەگری ناوەوەی نمایشەکەیە و بەدواداچوون بۆ باسەکانی دوای نمایش دەکات. دەبێت ویژدانی هونەریی شانۆکەی خۆی بێت (1). یارمەتیدەر و ڕێکخەری پرۆسەی جوانیناسی نمایش بێت. ئاگاداری مێژوو، کۆمەڵگە، کولتوور، سیاسەت بێت. توانای نووسینی وتار و ڕەخنەی نمایشی هەبێت و ئاگایی قووڵ و باڵادەست بێت بەسەر ئەدەبیاتدا و ژانرە نمایشییەکان بەباشی بناسێت. پرسی دراماتورژی و دراماتورژ کێیە؟ بابەتێکی سەربەخۆیە و پێویستی بە چەند وتار هەیە و ناکرێ لێرەدا ئاماژە بە وردەکارییەکانی بکەم، ئەم سەرەتایەم لەو ڕووەوە بە پێویست زانی کە بەم دواییە لێرە و لەوێ دەبینم لەسەر پۆستەری نمایشەکان دەنووسرێت دراماتورژ!! بێ ئەوەی ئەرک و پێویستی و کاریگەرییەکانی لەناو نمایشەکەدا ببینین. نووسەر و ڕەخنەگر و لێکۆڵەر و شانۆنامەنووس ڕزگار حەمەڕەشید هەڵگری زۆر لەو تایبەتمەندییانەیە کە دەبێت دراماتۆرژێک هەیبێت و لەوەش گرنگتر ناسین و پەیوەندیی چارەکە سەدەیەک لەگەڵ شوان کەریم وای کردووە کە وەک ئەرکی خۆی لەم بەرهەمەدا کارئاسانی زۆر بۆ نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەرەکان بکات و کاری تاڕادەیەک مەحاڵ (ئامادەکردنی نمایشێک لە مانگێکدا، دوو لە ئەکتەرەکان "یەکیان سەرەکییە" تەنیا دە ڕۆژ پرۆڤەیان لەگەڵ گرووپدا کردووە) مومکین بکات و بتوانن نمایشێکی شایستەی بینین پێشکەش بکەن. ئەوەی لە ڕۆژانی پرۆڤەدا و لەکاتی کارکردنی ڕزگار لەگەڵ ئەکتەر و وردەکاریی تەختەی شانۆ و تەنانەت تێبینی زمانەوانی دەق و کارە هونەرییەکانی تردا دیم، بەمانای زانستی ئەرکی دراماتورژی بەجێ هێنابوو. لە تێبینی ڕۆژانەی لەگەڵ سەرجەم کاست و تەنانەت لە پەیوەندی لەگەڵ دەلیل و پۆستەر و و نووسین لەسەر بروشور و دیالۆگەکانی دەرەوەی نمایشدا.

### دەربارەی نواندن

ئەزموونی دەرهێنەرێک لەگەڵ ئەکتەری جیاواز و بەردەوامنەبوون لەگەڵ گرووپێکی تایبەتدا هەمیشە زیان دەگەیەنێت بە دەرهێنەر، ئەویش لە دۆخی کوردستاندا و بۆ دەرهێنەرێک کە لە دەرەوەی کوردستان بژی زۆر ئەستەمترە. ئەکتەرەکانی شانۆیی گەر بڕیار بێت بمرین لە هیچکام لە سێ کاری شانۆیی پێشووتری دەرهێنەردا لە کوردستان ڕۆڵیان نەبووە و دوویشیان ئەکتەری سەر تەختەی شانۆ نەبوون. سەرەڕای ئەوەش ڕۆڵبینینی ئەکتەرەکان بە گشتی لە ئاستێکی باشدا بوو. جەستەیان ئامادە و ئەدا و جوڵەیان لەسەر تەختی شانۆ پڕ لە هەست و وزە و سەرنجڕاکێش بوو، بە تایبەت هەردوو ئەکتەری بەتوانا و سەرەکی (گۆران نامیق/ لاس و پەرژین عەبدوڕەحمان/ مینا) سەرکەوتوو بوون لە گۆڕینی هەست و ساتەکان و گواستنەوەکان و هاوئاهەنگی و پەیوەندییان لەگەڵ ئەکتەرەکانی تردا. گەرچی بەڕوونی هەست بەوەش دەکرا کاتێکی زیاتریان پێویست بووە بۆ گەیشتنی تەواو بە فۆڕمی ئایدیاڵی کارەکتەرەکانیان. بەتایبەتیش لە ساتی لێکنزیکبوونەوەیان و دۆخی سۆزدارییاندا قووڵ دەرنەدەکەوتن.

**(1) (1) دراماتورژی چیست؟ دراماتورژ کیست؟ مجموعە مقالات، محمد رضا خاکی، منصور ابراهیمی.**


بابەتەکانتان بۆ ئەم ئیمەیڵە بنێرن: salam@rudaw.net